# بابیشێڤ

چیرۆکی : گریگۆری باکلانۆڤ

وەرگێڕی لە ئینگلیزییەوە : بدران احمد حبیب

لەپۆلەکەماندا پۆلی شەشەمی (ب) لە قوتابخانە ، قوتابی یەکی کورتەبالای قەڵەو هەبوو ناوی «بابیشێڤ» بوو کەبەدەست دەردێکی ترسناکەوە ئازاری دەکێشا . لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا منداڵ هەستی بەزەیی یان بەرامبەر نەساغو دەردەدار ناجوڵێ ، ئازایەتیو هێزوگوڕ بەنموونەی باڵاو مۆدێلی هاوشانیو تێکەڵاوی دادەنێن . کە یاری فووت بۆڵێیان دەکرد بابیشێڤ لەتەك ئەستوونی گۆڵەوە دەوەستاو لە دوورەوە پێی خۆی لە عەرد دەداو لەسەرەخۆ هاواری دەکرد «گۆڵ نەبوو» ئەگەر گۆڵ پارێزەکە لەگۆل دوور بکەوتایەوە ئەوا بابیشێڤمان لەئەستوونەکان دوور دەخستەوە ، وەك بڵێی بێبەختی ئێمە لە ناوچەوانی ئەو بووبێ . کچێك هەبوو لە پۆلەکەمان،، دەمانزانی بابیشێڤ حەزی لێدەکا ، بەڵام کچەکە شەرمی لێ دەکردو ، خۆی لەم بەدوور دەگرت نەوەکا ئێمە پێی پێبکەنین . هێندەی نەبرد هەواڵێك کەوتەوە کە بابیشێڤ مردوە دەبوایە ئێمەش هەموو بو ناشتنی ئەو بچین .

کەس بەمردنی بابیشێڤ سەرسام نەبوو : بەهەر حاڵ ئەو بەردەوام لەقوتابخانە بەدوور بوو . هەروا بەمردنی خۆیشی نەمری ئێمەی سەلماند چونکە وەك ئێمە مانان نەبوو ، ئەو دەردەداربوو و بەردەوامیش نەخۆش دەکەوت ، لە کاتێکدا ئێمە لەش ساغ بووین .

ڕۆژی دواتر دوو لۆری بەشریتی سوورو ڕەشی لاتەنیشتیانو کورسی لەتەختە دروستکراوی درێژی دواوەیان هاتنە ناو گۆڕەپانی قوتابخانە . تیپی سازو سەمتووری قوتابخانە سواری یەکەم لۆری بوون . ئەم تیپە بەتایبەتی لەو قوتابی یانە پێك هاتبوو کە هەمیشە پلەی نزمیان بەدەست دەهێنا یان دەبوایە بۆ دووەم ساڵ هەمان پۆل دووبارە بکەنەوە . . هەمیشە ماوەیەکی زۆر پێش فیستڤاڵو پشووەکان خۆیان لە قوتابخانە دەدزیەوەو ، شانازییان بەئاکاری لە خەڵك جودای خۆیان دەکرد . لە ژێر پێپلیکانەکە دادەنیشتن ئامێرەکانیان بەدەمەوە دەگرتو مۆسیقایان دەژەنی .

ئەوا ئێستاش خۆیان لەلۆرییەکەدا قایم کردوەو ، پێش وەختو هەرکەسە لە شوێنی خۆیەوەو بێ سەروبەر دەستیان بەژەنین کردوەو ، تف لە لالێویانەوە دەردەپەڕێ . کچەکان لەسەر کورسییە تەختەکان دانیشتوونو چەپکە گوڵیان لە ئامێز گرتووە .

لە ئەنجامی چەند هۆیەك لۆرییەکان ماوەیەکی زۆر بەڕێ نەکەوتن ، قوتابییەکانی دیکەش لە پەنجەرەکانەوە سەرەتاتکێیانبوو لە ئێمەیان هەڵدەڕوانی . ئەوان لەپۆلەکانیان بوون ، هەر ئێمە نەبین ، برادەرێکمان مردوەو ، وا ئێمەش بۆ ناشتنی دەچین . لە کۆتاییدا لۆرییەکان بەڕێکەوتن ، کاتێك بەناو شاردا ڕادەبووردین وامان بەخەیاڵداهات کە دەبێ سروودی پێشەنگی بچکۆلەی دیدەوانی بەدەنگی بەرز بڵێینەوە ، بەڵام ئەمە نەدەگونجا ، چونکە ئاڵای پرسە بە هەردوو لای لۆرییەکاندا هەڵواسرابوون ، پیادەڕۆ ڕوویان وەردەچەرخاندو بەواق وڕماییەوە دیقەتی ئێمەیان دەداو دەمیان دەبووە تەڵەی تەقیو . لەوێستگەکانی ترام خەڵك لەپەنجەرەکانی ترامەوە بەنیگای پڕ بەزەیییەوە لە ئێمەیان هەڵدەڕوانی . ئێمەش دڵ نیگەرانو جۆشدابردوو دانیشتبووین .

دوای ئەوە لەنێوانی داربییەکانداو بە درێژایی قەراغی گۆڕستانە پەرژین نەکراوەکەدا ڕیزێکی درێژمان لە پشت تاخمی سازو سەمتوورەوە بەست . هەموومان تێکرا کراسی سپیو بۆینباخی سووری دیدەوانیمان لەبەردابوو ، وەك بڵێی بۆ

خۆپیشاندانی ڕۆژی ئایار دەرچووبین. خۆر بەگەشی‌یەوە پڕشنگی دەداو، وشکە باڵچکی بۆینباخەکانی دەڕفاندو هەڵی دەدایە سەرشانمان. لەریزەکانی دواوە لە شریقەی سیمبۆڵو ڕمبەی دەهۆڵ بترازێ گوێمان لە تیپەکە نەبوو چاومان لێ‌بوو دەهۆڵ کوتەکە داردەستەکەی هەڵدەبڕی‌و بەرەو خوار دەیوەشاند. بەڵام دەنگەکە درەنگ دەگەیشتە دواوە، تەنیا پاش هەڵبڕینی دارەکە دەهاتە گوێمان. من شلەژابووم‌و بەدەم ڕۆیشتنەوە ورتە ورتم‌بوو. خاتوونی دەرسبێژی پۆل ڕای‌سپاردبووم دوانێك بدەم، دەبوایە بڵێم ئەمڕۆ ئێمە دۆستی هاوپۆلمان سیریۆزا بابیشێڤ‌مان ناشت «بەشۆرەت پێ‌ی دەگوترا بابێشیڤ»، کە هەمووامان خۆشمان دەویست. هاوڕێ‌یەکی چاك‌بوو، هەمیشە لەیادمان دەمێنێ. دەبوایە ئەوەش بڵێم کە نەساغی‌یەکەی بواری ئەوەی نەدا دیدەوانێکی چالاك‌بێ، بەڵام هەرکاتێك کە بۆی بلوایە... دەترسام هەندێك شتم لێ‌تێکەڵ بێ‌یان هەندێك شت لە بیربکەم.

خاتوونی دەرسبێژی پۆل لە پشت‌خۆیەوە وەستاندمی‌و، هەموو کاتێکیش قسەکەری دوایی دەبێ لە لیستەکەوە بانگ بکرێ، بە خۆشەویستی‌یەوە سووکەپاڵێکی پێوەنام‌و، بۆم دانەویەوە، نیشانی دام چۆن‌و لە کوێوە سەربکەومە بان بارستەخۆڵەکەو، چۆن بوەستم‌و ڕوو لەکوێ بکەم. هەرچۆنێك بێ خاتوونی بەڕێوەبەر ناوی منی بانگ‌کرد «ئێستاش بەناوی پۆلی ب..»و، بە ڕوویەکی گرژەوە سەرنجی خۆ گورج‌کردنەوەی تێ‌گرتم. هەنگاوم هەڵێناو سەرکەوتمە سەر قوچەکەکەو، لەوێ وەستام. چەند گرمتە خۆڵێك لە ژێر پێمدا وردبوو، وام بەبیرداهات سەیرێکی ژێرەوە بکەم کە قوچەکەکەی لێوە ڕووخابوو. لەودیوی چاڵەکەوە، لەسەر قوچەکە خۆڵێکی شێداری وەك ئەوی‌تر، دارتەرمێك داندرابوو، پەتێکی لەژێرەوە ڕایەخرابوو.

ویستم سەیری ئەوبەرە نەکەم، هەرچەندە هێشتا دار تەرمەکەم بەگۆشەی چاو لێ‌دیاربوو. بەدەنگی بەرزو بەرەوبا قسەم دەکرد، خاتوونی دەرسبێژی پۆل سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقاندم. ئەندامانی تاخمی سازو سەمتوور ئامێرەکانیان لەسەر زەوی‌یەکە دانابوو لەژێر دارکاژێکدا هەڵترووشکابوون. سێبەرێك کەوتبووە سەر ئێمەو، لەسەر ئەوانیشەوە سێبەرێکی بازنەیی هەبوو، لە کێڵگەکانیشدا تەبارەی گەنم لەژێر تیشکی خۆردا شەپۆلی دەدا.

لەناکاو گریەو شیوەنێکی بەسۆزم هاتە گوێ. لەودیووی دار تەرمەکەوە، پیرەژنێکی ڕەشپۆش ڕۆنیشتبوو، بەنەرمی‌یەوە سەردولکەی دەگوت‌و، سەری ڕێزی بۆ تەرمەکە نەوی دەکرد. کوڕە جاحێڵێك ویستی بن پیلی بگرێ‌و لەسەر تەرمەکەی هەڵسێنێ. ئەو کوڕە هەرگیز لە بابیشێڤ نەدەچوو، ڕەنگ پەڕیوێکی ڕوومۆن، سێبەرێکی ڕەش کەوتبوو ژێر چاوەکانی‌و پەڵەیەکی وەنەوشەیی بریقەداریش لە ملیەوە تا بناگوێ‌ی گرتبووەوە، کراسێکی سپی لەبەردابوو، پرچی بەڕێك‌وپێکی شانەکرابوو، دەستە سپی هەڵگەڕاوەکانی لەسکە تۆکمەو دەرپەڕیوەکەی وەرهێنابوو.

لەو ساتەدا شتێك لەناخمدا تەقی‌یەوە، ناتوانم باسی بکەم چۆن ڕوویدا. دەنگم نووساو لەبەرچاوی تەواوی خەڵکەکە لەشەرما چاوم پڕ بوون لەفرمێسك درێژەم بەقسەکانم‌داو، فرمێسکەکانم گیرساندەوە. پاش ئەوە نەم دەوێرا ڕوو بەڕوو سەیری منداڵەکان بکەم. خاتوونی دەرسبێژی پۆل گوتی کە من تەواوی کاریگەری‌یەکەم هەڵوەشاندەوە. بەڵام ئەگەر دەیزانی، ئەگەر دەیتوانی هەڵی‌بێنێ.

کە گۆڕستانەکەمان بەجێ‌هێشت باوکی بابیشێڤ باسکی هاوێشتە سەرشانم‌و لەتەك یەکەوە بەڕێ‌کەوتین، گوتی:

«بەختی‌نەبوو، بەڵام چی‌بکەین؟ ئێستا سەبارەت بەو هیچمان لەدەست نایە. لەو ڕۆژەی لەدایك‌بوو زانیمان. هەمیشە خەریکی کتێبەکانی بوو، دەیویست لە ئێوە دوانەکەوێ، بەڵام ئێمە زانیمان.»

هەستم بەناڵەباری بازووە گران‌و گەرمەکانی کرد کە

خستبوویە سەرشانم ، ڕواڵەتە پیرو لۆچدارەکەی وەك بڵێی بزەیەکی هاتێ ، دەتگوت لەبابەت شتێکەوە داوای لێبوردنمان لێدەکا . کە بەڕێکەوتین دەستی کردە باسی شەڕی یەکەمی جیهان کە خۆی تیایدا جەنگابوو ، باسی ئەوەی چۆن لەوکاتەدا گەیشتووەتە ڕۆمانیا . بەینێکی تەواو بێدەنگی دایگرت ، خۆی لەناو بیرەوەرییەکانیدا بزرکرد ، منیش بەتەواوی زاتی ئەوەم نەدەکرد قۆڵی لەسەرشانم لادەم . منداڵەکانی‌تر بەترسەوە وەستانو دەوری ئێمەیان‌دا ، ئەویش چووە ناوەڕاستمان ، لە هەموومان کەڵەگەت‌تربوو ، بەچاوی پڕلەسۆزو خەمەوە ، سەرنجی ئێمەی دەدا کە منداڵی هاوتەمەنی کوڕەکەی ئەوبووین .

«لە تەواوی ڕۆمانیادا خەڵکەکەی هەژارن . جوتیارانی ئەوێ بەراستی هەژارن . . .»

ئاخێکی هەڵکێشا

خۆمان هەڵدایە ناو لۆرییەکانو لەسەر کورسییە تەختەکان دانیشتین ، چاوەڕێی ئەوان بووین تا بەڕێ کەوین . دایكو باوکی بابیشێڤ ، یەکجار پیرو کەنەفت بوون ، لە دەرگای گۆڕستانەکە وەك لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان بەڕێمان بکەن دەستیان بۆ هەڵشەقاندین . جارێکی‌تریش بەناو شاردا هاژوامانو چاوی تەواوی خەڵکەکە سەرنجی ئێمەیان دەدا ، ئێمەش لەتێڕامانی ئەوان ئاگاداربووینو ، دەمانویست هەر بازۆینو بەردەوام بین . پۆلەکەمانو دەستەی سازو سەمتووری قوتابخانە دوو لۆریی پڕکردبوو . . . کاتێکی زۆری نەبرد شەڕی دووەمی جیهانو شەڕی نیشتمانی ئێمە داکەوتن ، ئەو شەڕەی کە چاکترینو خراپترینی قوتابی‌یان وەکو یەك ، لەکاتی پێویستدا لە پێناوی ئەودا پێ دەگەیشتن ، تا ئێشتاش بەئاشکرایی ئەو دوو لۆرییەم لەبەر چاوە کە بەپەلە بەرەو شار دەهاتن ، پڕ بوون لە منداڵانی قوتابخانەو ، کەیفیان بەوە دەهات کە لەبەرچاوی خەڵك لە ماتەمینی دەگەڕانەوە . خەڵك کە گەشتی ژیانیان دەست پێ‌کردووە ، ناتوان پێش‌بینی کۆتایی‌یەکەی بکەن ، ئەمەش زۆر چاکە ، کەس نایەوێ پێش‌وەخت چارەنووسی خۆی بزانێ .

بابیشێڤ مردو ئێمە ماینەوە . مردنی ئەو یەکەم مردنێك بوو لە پۆلەکەماندا ، ئەو کاتە «پۆل» بۆ ئێمە لەمانای «نەوەیەك» زیاتری دەبەخشی ، ئەوساکە هێشتا لەمانای ئەم چەشنە زاراوە ڕووتانە نەدەگەیشتین ، دوای ئەوە شەڕ داکەوت ، شەڕێکی درێژخایەن بوو . لە ساڵی چوارەمیدا ، لە ئاخروئۆخری ئاب ، بە پۆستاڵێکی تۆزاویو ، پشتێنێکی قایشو کڵاوی سەرو ، ئەستێرەی سەرشانەوە ، وەك ئەفسەرێکی پایە بەرز ، لە ناو سەربازەکانمدا لە ناو مەزرایەکی کاڵەکی ئاوی دانیشتبووم . دووو جوتیاری ڕۆمانی بەکڵاو پێستی مەڕەوە لەگەڵ ئێمە دانیشتبوون . قسەیان دەکردو کڵاوە قیتەکانیان نەوی دەکرد ، ئێمەش قسەو دەمەتەقێمان دەکرد . یەکێك لە ڕۆمانی‌یەکانو دوایی ئەوی‌تر کاڵەکێکی ئاویان خلۆر کردەوەو ، لەو شەوە لەسەر زەوییە وشکەکەدا چریسکەیەکیان نیشاندام . ئەو کاتە بیرم لەوە نەدەکردەوە کە باوکی بابیشێڤ چی لەبارەی خەڵکی ڕۆمانیاو جوتیاری ڕۆمانیاوە باس‌دەکرد . وەك ئەفسەرێکی پایەبەرز دەبوایە چەقۆیەکە لەکاڵەکە ئاوییەکان نقوم بکەم ، کاڵەکەکان تەقینو بۆ دوو کەرتی شیرین لەت بوون . لە تاریکایی‌یەکەی ئەو دیوو مەزرای کاڵەکە ئاوییەکە تۆپ هاوێژەکەمان چەقاندبوو ، کە خۆمان لە سەر چیاکانەوە ڕامان کێشابوو ، لەو شوێنەوە کە ڕەوە ئەسپی لەسەر هەڵدەخلیسکا ، کە بایەکە لەولایەوە هەڵی کرد بۆنی گریزی لەتراکتۆرەکانەوە هێنا .

ئەمە لەساڵی چل‌وچوارەمی سەدەی بیستەم‌بوو ، ئەم سەدە فرە شەڕەی ئێمە . تەمەنم بیست ساڵی تەواوبوو . ئەوکاتە نەم دەزانی هەروەها نەشم دەتوانی بزانم کەزێدە لەو هەموو کوڕانەی پۆلەکەمان کە چوونە بەرەکانی شەڕەوە ، هەر تەنیا من بەزیندوویی دەگەڕێمەوە .

سەرچاوە : گۆڤاری

Soviet Literature

No . 12(417) 1982 Moscow